کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

3-9-2007 21:36ورووپا   ندی ئەکاتی ناوەبە

**دزی کەوتە نێو ئەدەبی کوردیش، نامەیەک بۆ یارسان بەرزنجی ... شوان بەرزنجی**

بێحەیایی باوە ئەمرۆ، قوڕ بەسەر دا دە کا حەیا، کەندەڵان سەربەرزو شادە، خۆی بشارێتۆ چیا، ، گوڵ ئەگەر عەقڵی هەبێ، قەت سەر لەخاك ناکاتەدەر، چونکە ڕۆژی دڕكو داڵە، گەرمی بازاڕی گیا ... ... ... ... . (قانع)

هەزار حەیفو مخابن کەوام لێهات ئەم نوسراوەیە بنوسم، چونکە ئەمرۆ گەندەڵی ئیدارەی کوردستان هەستی نەتەوایەتیو ئینتمای تاکی کوردی بۆ نیشتمان زۆر لاواز کردووە، ڕۆژانە بڵاو کردنەوەی دەیان نوسین لەسەر گەندەڵی ناو ئیدارەی کوردیو خوێندنەوەی لەلایەن خوێنەران بۆتە هۆی کرژی باری دەرونی خوێنەر، ، بۆیە هەرگیز حەزم نەکردووە کە خێنەری ئەدەبی توشی ئەم بارە دە رونیە بن و نوسەرو شاعیریش خێنەرو ئەدەب دۆستانیان بەم ئاقارە دابەرن،

خۆلاسەی مەبەستان لەمەڕ دۆستان، ، دزینی هۆنراوەیەکمە لەلایەن (یارسان بەرزنجی) کوری هونەر مەند (شێخ ئیسماعیل بەرزنجی) خەڵکی سلێمانی، ،

یارسان بەهۆی تێکەڵاوی هاتۆتە ماڵمو زۆر جاریش واریك کەوتوە بەتەنیا لە ماڵم جێهێشتوە،

لەم ڕۆژانە لە سایتی (teshk) سێ بابەتی یارسانم بەر چاو کەوت، کاتێ سەیری بابەتی سێیەمم کرد سەیرم کرد هۆنراوەی منەو بەناوی خۆی بڵاوی کردۆتەوە، ، یەکسەر ڕوداوێکی (مامۆستا هێمن) م بیر کە وتەوە، کە (مامۆستا هێرش) لە کتێبی (هێمنو من) باسی لێوە ئەکات و ئەڵێ:- ڕۆژێکیان کابرایەك هاتە لای (مامۆستا هێمن) و ئەڵێت کورەکەم دەستی داوەتە شیعر نوسین، باوکی کورەکە خوێندەواری نەبووە، لە مسوەدەیەك شعرێك نیشانی (مامۆستا هێمن) ئەدات.. کە ئەیخوێنێتەوە سەیر ئەکات شعری خۆیە تی، مامۆستا هێمنیش

بەخەتێك شیعر وەلامی ئەداتەوەو بۆی ئەنوسێت:-

ئەگەرچی جوان بو ئەو شیعرەی دزیت لێم..

بەڵام ئەمجارە شیعر بدزی لێم... ئەت ... ... ...

من تێناگەم، ، شیعر لە شعورەوە هاتوە، کەسێك کە ئەو شعورەی نەبێت بتوانێت شیعر بنوسێت چۆن ئە توانێ لەسەر خوانی خەڵك شعور پەیدابکاتو خۆی بەخەڵك بناسێنێت؟؟

نابەڵەدیو ناشارەزایی (یارسان) لەوە دایە کە هاتوە لە سەر دەفتەری مسوەدەی شیعرەکانم ئەم شیعرەی یان (هەمو شیعر) ە کانی نەقڵ کردبێت چونکە من لە مسوەدەکە کە لەخوارەوە نیشانم داوە.. لە دێری دووەم چەند تەعبیرێکم (یان چەند وشەیەکم) داناوە کە دوایی دەست کاری بکەم .. کەئەڵێت:-

تۆو بڵێسەی باباگور گور، ،

یان:- ئەتۆو گڕی بابا گور گور، ،

یان:- ئەتۆو کڵپەی باباگور گور، ،

وە لە شوێنی ئەم دێرەش دێرێکی ترم نوسیوە، ، کە ناوی شێرەژن شەهید (عایشە گوڵوك) م تێکردووە دایکی شەهید (هاورێ محەمەد) ی دەلاك کە کاتی خۆی ڕژێم لە سێدارەی دا، ،

کەئەڵێم:- تۆو مەزاری عایشەگوڵوکەی ڕێی ئازادی

ئەم ئازادیەی عەشقی خۆتم لێ مەستێنە، ،

.ڕبرسیار نییە، کوردستان نێت لێی بەکانیانەنە، بیروبۆچوونی خاوەوکرێنە کوردستان نێت دا بڵاودەی لەو نووسینانەئە

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

ناوەبە ئەکاتی ندی وروپا 3-9-2007 21:36

بەڵام کاك یارسان هاتوە بە ئارەزوی خۆی بێ ئەوەی گوێ بداتە ئیقاعی خوێندنەوەی شیعر وشەی (گڕو، کڵپەو، بڵێسە) ی بەیەکەوە نوسیوە، ،
لەمەش نەزانانەتر لەدێرەکای ناوەراست یارسان نوسیویەتی:-
هەر وەك (کەوچکی) دەوری ئاگر
هەزار داخی پێوەنراوە ...
یارسان (کوچك) بە (کەوچك) تێگەیشتوە کە داماوەی نازانێت دانانی کەوچك لەدەوری ئاگر هیچ مانایە کی ئەدەبی تیانیە، وە نە لە هیچ رەوان بێژیەك ئەم شتە وەك تەعبیر بەکار نایەت دڵنیام کە نازانێت (کوچك) بەو بەردە دەڵێن کە لە دەوری (ئاگر) یان (ئاگردان) دای ئەنێن،
پەندێکی کوردی هەیە ئەڵێت (کوچك لە ئاگر گەرم ترە) ..
وەبەر لەوەش (گەردنی) کردوە بە (گەردون) وەئەوەی کە زیاتر دەبەنگیو بێ ئاگاییەکەی کاك یارسان نیشان ئەدات، ،
من لە شیعرەکەدا ئەڵێم:-
خۆ ئەگەر تۆ..
تاڵ بەتاڵی زوڵفی تەناف
لە دەستو پێو لە گەردنو ڕەهی دڵم بقرتێنی
هەر ئازاد نیم، ،
لێرە مەبەستم ئەوەیە کە من پێشتر زوڵفی ئەو وەك تەنافێك نەك هەر لە گەردنم دایە. بەڵکو دەستو پێوڕەهی دڵیشمی بەستوە، ، (کە بێگومان یارسان نازانێ مەبەست لە (رەهی دڵ) چی‌یە؟
سەیری کەن یارسان چۆن بەئەم شعرەی هەتك کردووە.. نوسیویەتی:-
لە دەستو پێولەگەردونو
لەدڵم گیر بکەی
نەك هەر ماناکەی خوێندنەوەی ئیقاعی شیعرەکەشی تێك داوە، ،
کاك یارسان ساڵی پار.. لە (سایتی دیمانە) شعرێکی تری بەناوی خۆی بڵاو کردبۆوە کارێکیان پێکرد من وتم جارێکت تر نەك شیعر نادزێت بەڵکو واز لە سەیر کردنی شیعریش دێنێت.
شیعرەکەش ئەمەبو:-
سالآنێکی دورو درێژ خۆشم ویستیو ئەمردم بۆت
حەزم ئەکرد قۆڵو باسکت
بۆ گەردنم بکەی بەکۆت، ،
ئەگەر ئیتر خۆشم نەویست،
ئەگەر ئیتر وشەیەکی نەرمو نۆڵت
لەمن نەبیست، ،
لێم ببورە.. لێم ببورە
کەم خایەنە تەمەنی گوڵاڵە سورە
... ... تاکۆتایی ... .
ئێستاش لەئەرشیفی (دیمانە) ئەم شعرەو، وە ئەو نوسینانەشی کە لەسەر یارسان نوسرا هەر ماوە..

.ڕیرسیار نییە، کوردستان نێت لێی بەکانیانەنە، بیروبۆچوونی خاوەوەکرێنە کوردستان نێت دا بڵاودەی لەو نووسینانەئە

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

3-9-2007 21:36ئەوروپا   ندی ئەکاتی ناوەبە

وەکاك یارسان، ، ئەم وێنەیەی کە لە سایتەکانیش دای ئەنێت وێنەی خۆی نییە، ،
بە ڕێزان ئەم هۆنراوەیەی من چەند مانگێك بەر لە ئێستا لەگەڵ هۆنراوەیەکی تر بۆ سایتی chra)) م نارد بەڵام لەبەر ئەوەی من فۆنتی کوردی با شم نە بو ناردبوم کە بۆ کاك (ئازاد) خوێندنەوەی زەحمەت بو بۆیە لەکاتی دابەزینی هەردو هۆنراوەکە هەڵەی ڕێزمانی زۆر تیابو، ، بۆیە من داوام لە خوشکی بەڕێز (نیان بابانی شاعیر) کرد کە یارمەتیم بدات، ، ئەمیش دوای خوێندنەوەی هۆنراوەکان وتی ڕاستە هەڵەی زۆر تیایە، ، وتی ئەتوانی کە داوا لە کاك (ئازاد) بکەی هەردو هۆنراوەکەت بۆ بسڕێتەوە، ، ئە وەبو نامەیەکم بۆ کاك ئازاد ناردو، ، ئەویش هۆنراوەکانی بۆ سڕیمەوە، ،
وە ئێستاش من بۆ هۆنراوە ناردن خوشکی بەڕێز (نیان بابان) یارمەتیم ئەدات چونکە من لە بواری کۆمپیوتەر کەمێك کۆڵەوارم، ،
لە کۆتاییدا هیوادارم کە کاك یارسان، خۆی لە قاڵب بداتو سنورێك بۆ ئەم کارانەی خۆی دابنێت، ،
گەر نا دادگا هەیەو، بەڵگەشمان بە دەستەوەیە، ،



ڕەپرسیار نییە، کوردستان نێت لێی بەکانیانەنە، بیروبۆچوونی خاوەوەکرێنە کوردستان نێت دا بڵاودەی لەو نووسینانەئە.